کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:08 11-6-2007

## قاهیرە: شێخی ئەزهەر و موفتی میسر پێشوازی لە وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن ... ڕاکەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف – قاهیرە

لەسەرداوەتێکی ڕەسمی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کۆماری میسری عەرەبی شاندێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی (شێخ محەمەد شاکەلی) وەزیری ئەوقاف سەردانی میسریان کرد و ڕۆژی یەکشەممە2007/6/10 لەلایەن ئیمامی گەورە و شێخی ئەزهەر (د. محەمەد سەید تەنتاوی) بەگەرمی پێشوازی کران، وەزیری ئەوقاف لەم دیدارەدا سڵاو و ڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان و زانایانی ئاینی کوردستانی پێشکەش بە شێخی ئەزهەر و دامودەزگا ئاینیەکانی میسرکرد، شاندەکەی کوردستان هەروەها کورتەیەکی لەواقعی ئاینی و ڕەوشی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستاندا پێشکەش بە شێخی ئەزهەر کرد و ئەو هەوڵانەشی خستەروو کە وەزارەتی ئەوقاف لەپێناو چەسپاندن و پتەوکردنی گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەهەرێمی کوردستان و عیراقدا دەیدات. هەر لەدیدارەکەدا وەزیری ئەوقاف شێخ محەمەد شاکەلی داوەتنامەیەکی پێشکەش بە شێخی ئەزهەر بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و شێخی ئەزهەریش بەخۆشحاڵیەوە داوەتەکەی قبووڵ کرد و بەڵێنیشیدا ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابی و خوێنکارانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنی ئیسلامی لە ئەزهەر قبوڵ بکەن،

دواتریش وەزیری ئەوقاف و شاندە یاوەرەکەی لەلایەن (د. عەلی جومعە) موفتی کۆماری میسر پێشوازیکرا و لەکۆبونەوەیەکدا موفتی میسر کورتەیەکی مێژوویی لەسەر دامەزراندنی (دار الافتا) لە میسر خستەروو و ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لە سیاغەکردنی یاسای (دەستەی فەتوا) لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ئامادەکراوە بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینی هەرێمەکە،

هەر لەم سەردانە ڕەسمیەدا وەزیری ئەوقاف و شاندی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان لەگەڵ (د. ئەحمەد ئەلتەییب) سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر کۆبوونەوەو لەسەر وردەکاریەکانی وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتر قوتابی و خوێندکاری کورد لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا و بەکالۆریا لە زانکۆی ئەزهەر گفتوگۆیان کرد چ لەسەر ئەرکی مەشیەخەی ئەزهەر و چ لەسەر ئەرکی قوتابی و خوێندکارانی کوردستان خۆیان سەرۆکی زانکۆی ناوبراو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەك.

لەم سی دیدارەدا وەزیری ئەوقاف دیاری ڕێزلێنانی پێشکەش بە شێخی ئەزهەر و موفتی میسر و سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر کرد و لەسەر بەردەوامبوون لە پەیوەندیەکانی نێوان وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان و دامەزراوە ئاینیەکانی میسر لەهەردوبواری زانستی و ئاینیدا تەئکید کرایەوە، هەر لەدرێژەی سەردانەکەیاندا وەزیری ئەوقاف لەگەڵ ژمارەیەك قوتابی و خوێندکاری کورد کە لەزانکۆی ئەزهەر کە ساڵی ڕابردو لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ خوێندن ڕەوانەی قاهیرە کرابوون کۆبۆوە و دوای گفتوگۆکردن و گوێراگرتن لە کێشەو داواکاری و پێشنیارەکانیان، لەلایەن وەزیری ئەوقافەوە هاوکاری مادی کران و بڕیاریش درا داواکاری و پێشنیارەکانیان بەهەند وەربگرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.